# پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێ

خەڵکی خەباتگێڕو ئازادیخواز!

کرێکاران!

ژنانی ئازادیخواز!

لاوان وخوێندکارانی پێشڕەو!

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

بنەماڵەی ئازیزی گیانبەختکردوان!

لەناخی دڵەوە هاتنی ساڵی نوێتان پیرۆزبایی پێ دەڵێین وهیواداریین کە ساڵی تازە، ساڵێکی لێوڕێژ لەسەرکەوتنی گەورەبێ لەپێناو ڕزگار بوون لەدەست ڕژێمێك کە ئەم وڵاتەی بۆ دانیشتوانی کردوە بەزیندان.

لەم نەورۆزەو یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ ڕێز لەیادی ئەو خۆشەویستانە دەگرین کەئەمڕۆکانە لەنێومان دا نین، بەڵام بە گیان فیدایی ولەخۆبوردوویی خۆیان ڕێگای ئازادی مرۆڤی چەوساوەو ستەم لێکراویان خۆش کردووە ئەستێرەی درەوشاوەو ڕێنوێنی داهاتویەکی ڕوونی ئێمەن. لەساڵی ڕابردوودا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کەلەسیمای لێبڕاوانەی کرێکاران وژنان لاوان وبزوتنەوە شکۆدارەکانیان هێماکانی ژێرو ژوور بوونی دەسەڵاتی ڕەش خۆی دەبینێ، هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە سەر خولقاندنی هەل ومەرجێکی پڕلەترس ودڕندەیی بەسەر کۆمەڵگادا و هەوڵی دا هەتا بەنیشاندانی چنگ وددانی دڕندانەی خۆی پێش بەگڕکانی تورەیی خەڵك بگرێ هەتا بەڵکو لەم ڕێگایەوە بۆ ماوەیەکی تر دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا بسەپێنێ . هێزی کۆنەپەرستی سپاو بەسیجی یەکانی ڕەوانەی کۆڵان وشەقامەکان کرد، گرتوخانەکانی لەمرۆڤە ئازادیخوازەکان، پڕکردوو قامچی وشەلاقی ژنان وئێشکەنجە چیانی بەردایە گیانیان، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانەش نەیتوانی بەم ئامانجەی خۆی بگات وئەمڕۆکانە شاهیدی ئەوەین کەبزوتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکان کەمزگێنی دەری ئاسۆی ڕوونی ڕزگارین، لێبڕاوانەو بەردەوام درێژە بەحەرەکەتی خۆیان دەدەن وبەهەنگاوی گەورەوە کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبەن.

ساڵی ڕابردوو لەهەمان کات دا ساڵی ڕیسوایی وتەریك بوونەوەی زیاتری ئەو بەشە لەئۆپوزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بووکە بەڵێنی بێ ناوەڕۆکی ئازادیان لەڕێگای چڕتربونەوەی ململانێکانی ڕژێم لەگەڵ ئامریکاو دەسەڵاتە گەورەکان

بەخەڵك دەداو هیوا داربوون کەبەدوور لەبەشداری شۆڕشگێڕانەی خەڵك لەگۆڕەپانی خەباتی کۆمەڵایەتی دا، لەڕێگای سات وسەودای نهێنی وشاراوە بەدەسەڵات بگەن.

ئەمڕۆکانە ئیتر رژێمی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا لەنێو قەیرانی ئابوری قوڵ وبەرین دا پەلەقاژەیەتی وهیوایەکیش بەبازاڕ گەرمی یەکانی هەڵبژاردن ولەخۆشباوەڕی دا هێشتنەوەی خەڵك بەململانێی باڵەکان، نەماوە لەنێوان خۆی خە ڵکی وەزاڵە هاتوودا بێجگە لەدوونەیارو دوژمن پەیوەندیەکی تر نابینێ. لەم ڕەوەوە لەلایەکەوە لەپێناو کەمکردنەوەی پانتایی قەیرانی ئابوری یەکەی هێرش دەکاتە سەر حەقدەستی کرێکاران وسفرەی بێ ڕەونەقی زۆربەی خەڵکی بێ بە ش ولەلایەکی دیکەوە بودجەی هێزەسەرکوتکەرەکانی زیاتر دەکات وکۆنەپەرەستانەترین هۆکارو ئامرازەکانی دژی ئینسانی بەمەبەستی بەگژدا چوونەوەی حەرەکەتی پێشڕەوانەی کرێکاران وژنان ولاوان دەخاتە گەڕ.

هەل ومەرجی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێران، هێمای ڕووبەڕوو بونەوەی چارەنوس سازی پێوە دیارەکە جێگایەك بۆ خۆشباوەڕی بەجێ گۆڕکێی دەسەڵات لەڕێگای دەست تێوەردانی دەرەکیەوە ماوەو ئیرتجاعی وویسلامی لەهیچ شکڵ وقەوارەیەکی ئۆپوزیسیۆنی دا ناتوانێ ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێ وشوێنێکیش بۆ شانۆی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن وخۆشباوەڕی بەچاکسازی ڕژێم لەنێو خۆی دا نەماوەتەوە. داهاتوی سیاسی ئێران لەنێو جەرگەی ململانێی نوێ وستراتیژی جیاوازدا دەبیندرێتەوە کەئەمڕۆکانە لەنێو ناخی خەباتی سیاسی وچینایەتی ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵگایەو لەنێو جەرگەی خەبات لەدژی ئەم ڕژێمەوە لەئارادان.

یەکێتی بەکردەوە، هاوپەیمانێتیەکان وهاوپشتی پێویست لەنێو خۆی ئەم خەباتە تەنیا لەڕێگای تێگەیشتن لەم ڕاستی یە وە مسۆگەر دەبێت.

دەبا لەیەکەم ڕۆژی ئەمساڵدا بەدڵانی پڕلەکەیلی هیوا کەبەهێزی وشیارو ڕێکخراو بوون وخەباتی یەکگرتوانەی ئێوە خۆشەویستان پشت ئەستورە،بەهەنگاو بەرزو لێبڕاوانە بەرەو داهاتویەکی ڕوون، بەرەو بونیادنانی کۆمەڵگایەکی بەدوور لە نابەرابەریی وستەم وچەوسانەوە، بەدوور لەشەڕو نائارامی، نوقمی ئاسایش وهێمنی بۆ هەموان، بەرەو سۆسیالیزم هە نگاو هەڵبگرین.

**نەورۆزو بەهارو ساڵی نوێتان پیرۆزبێ**

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١ی خاکەلێوەی ١٣٨٨**

***